هەستەکانی مرۆڤ، پەیوەندی بە دەوروبەرەوە دەکەن، کارلێکە کۆمەڵاتییەکانیش کاریگەری لە سەر هەستەکانی مرۆڤ دادەنێن. ناونان بە یەکێك لە گەورەترین ئەرکە سەرەتاییەکانی زمان دادەنرێت، بۆئەوەی کەسەکان، شتەکانو ...هتد، بناسینو دەوروبەریشمانی پێدابەشبکەینو لە یەکتری جیابکەینەوە، مرۆڤەکان توانای ناونان و دووبارە ناونانەوەیان هەیەو توانای ناونانیشە بە شێوەیەکی سەرەکی مرۆڤ لە هەموو گیاندارانی تر جیادەکاتەوە، چونکە ناونانی مرۆڤ ئاوەزو هەستو هزری مرۆڤی تێدا بەشدارە، لێرەوەیە هەستەکان بۆ بواری کۆمەڵایەتی دەپەڕنەوە، جۆرەکانی هەستەکان دروستدەبن، وەک: (هەستی نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، ئاینیو ڕامیاریو ...هتد).

کاتێک نموونەی هەستەکان بۆ بواری کۆمەڵایەتی وەردەگرین، لە دوای ڕاپەڕین دەرگای ئازادی زیاترکرایەوە، ناوی (سەرکەوت) لە ناوی منداڵانمان زیاتر نراوە، کە کۆمەڵو خێزانەکان هەستی زیاتریان بە خۆشی و شادیو کرانەوەی دۆخەکە کردووە، کاریگەری لە سەر هەستیان هەبووەو ناوی (سەرکەوت) لە کاتی لە دوای ڕاپەڕینەوە زیاتر بۆ منداڵانی کوڕ دانراوە، هەر ئەم ناوە بۆ کەسەکەیش هەستی خۆشی بە (سەرکەوت) بەخشیوە، هاوشان زۆربەی کات (یان هەندێک کات)، ئەم ناوە ڕۆڵی لە سەرکەوتنی کەسەکەیشدا کە ناوی (سەرکەوت)ە، بینیوە، لە ئایندەیشدا دەرکەوتەی ئەو هەستە بینراوەتەوە. دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم کەسانەدا، ئایا ناوەکانیان ڕۆڵیان لە سەرکەوتنەکانیاندا هەبووە؟ وەڵامەکەیان بەڵێ بووەو هاوڕابوون، کە ناوەکە کاریگەریی ئەرێنی هەبووە. وەک شیکردنەوەی بۆ کرا، هەست لە ناوناندا ڕۆڵی سەرەکی هەیەو دەوری جوانیش لە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێت. (چاوپێکەتنی تایبەت: محەمەدو سەرکەوت: ٢٠٢٥). هەندێك ناویش لە کاتی ئاوارەییو کۆڕەودا، وەک ناوی (ماندوو، ناشاد، ئاوارەو ...هتد) هەستێکی نەرێنیو نامۆبوونی میللەتی تێدایەو ئەم هەستەیش بە جۆرێک هەستی نەرێنی بۆ ئەو کەسەی ناوی (ماندوو، ناشاد، ئاوارەو ...هتد)یە، هەڵگرتووەو دواجاریش زیان بە کۆمەڵایەتی_بوونی کوردی دەگەیەنێت.

بە پێی ئاماری لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی کە لە زمانی کوردیدا کراوە، کە لە (١٠٠) بنەماڵەی جیاواز مشتەی (داتا) ناونان وەرگیراوە، لە بارەی هۆکاریی ناونانو پاڵنەری هەستی ناونانەکە پرسیارکراوە، ئەنجامەکەی بە ئەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

1. پاڵنەری هەستی نەتەوایەتی بۆ ناونانی کەسەکان: بەرزترین ڕێژەی بەرکەتووە، کە (٢١٪) بووە.
2. پاڵنەری هەستی ئاینی بۆ ناونان کەسەکان لە (١٧٪) بووە.
3. پاڵنەری خەوبینین بۆ ناونانی کەسەکان، کەمترین ڕێژە بووە، کە ناونانی کەسەکان کاریگەریی خەوبینینی بە سەرەوە هەبووە، کە ڕێژەکەی (٥٪) بووە.

وەک لە ئامارەکاندا خرایەڕوو، هەستەکان بەشداری لە ناونانە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەن. بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر هەستو پاڵنەری ناونانی کەسەکان، بڕوانە: (عەزیز، ٢٠٠٨، ٦٠-٦٠).

## 2.2. ڕوانینێکی ئاوەزییانە بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندیی هەستەکان

تایبەتمەندییەکانی ئەزموونی هەستی ڕێگای خۆیان لە ڕێگەی زمانەوە دەبیننەوە، ناهاوسەنگیی تێگەیشتن (لە هەستەکان)، ناهاوسەنگیی زمانی لێکەتووەتەوە، ئاشکرایە پەیوەندییە درکییەکان، پەیوەندییە زمانییەکانیان دروستکردووە. (بۆدۆ، ٢٠١٩، ٥٩).

ئاوەزو هەست، پەیوەستی لە نێوانیاندا هەیەو بە هۆی نەخۆشی، یان ڕوداوێکەوە، یان زۆری تەمەنەوە نەبێت، کاری پێکەوەییان تا مانەوەی مرۆڤەکان، هەردووکیان پێکەوە پەیوەندییان هەیە. دوانەیەکن مرۆڤبوون بە مرۆڤ دەبەخشنو کاریگەرییان لە سەر ڕەفتارو زمانی مرۆڤ هەیە. بە پێوستی دەزانین هەندێك لە تایبەتییەکانی باسبکرێن، بە چەند خاڵێك دەخەینەڕوو، (برناهات، ١٩٨٤، ٨٢).

1. "هەستەکان، تایبەتمەندییەکی/پێوانەیەکی جێگرو نەگۆڕ نین، بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی مرۆڤ، هەندێك جار چالاکییەکان هەستی خۆش، یان ناخۆش بە مرۆڤ دەبەخشن، واتە

هەستەکان کاریگەرییان لە سەر ڕەفتاری مرۆڤ هەیە، بەردەوام ئەگەری گۆڕانیان هەیە، بە پێی ئەو ساتەی کەسەکان تێیدا دەژین.

2. هەست بە تەواوی ڕامناکرێتو هیچ کات بە تەواوی پێوانەناکرێت، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەستەکان کاریگەرییان لە سەر کردارەکان هەیە، کاتێك مرۆڤ هەست بە خۆشی لە شتێکدا بکات لێینزیکدەبێتەوە، کاتێك هەست بە ناخۆشی بکات، لێیدووردەکەوێتەوە.
3. هەندێك جار لە ڕووی دەروونییەوە، هەست بە ڕوداوێك دەکەیت، کە هێشتا ڕوینەداوە، یان دەکرێت هەر ڕونەداتو ...هتد".
4. هەستەکان زیاتر مرۆڤ بە ژیانەوە پەیوەستدەکەن.

وەک لە تایبەتمەندییەکاندا دەردەکەوێت، هەست ڕامناکرێت، بۆ نموونە کاتێك دڵت خۆشەو گێرانەوەیەک دڵت خۆشدەکات قاقا پێدەکەنیت، زۆربەی کات بە وشەیەک دەرنابڕێت، چونکە تا ئێستا پێکەنین، یان گریان، هاوواتایی تەواوی لە وشەدا نییەو جیهانییەو هەموو مرۆڤایەتی تێیدا هاوبەشە. هەستەکان بە ئاوەزەوە پیوەستنو وادەکەن پێشبینیی ڕوداوەکانی پێبکرێت، پێش ڕودانیان. دەبینین هەستەکان بۆ خۆیان جیهانێکی تایبەتنو وردەکاریی زیاتری پێوستە، لەبەر سنووری توێژینەوەکە، زیاتر لە سەر ئەم بابەتە شیکردنەوە ناخەینەڕوو.

### 3.2.هەستەکان لە گۆشەنیگای زانستی زمانی هەستییەوە

زانستی زمانی هەستی یەکێکە لە زانستە نوێیەکانی سەدەی بیستویەک، لە ساڵی (٢٠١٩)ەوە، وەک زانستێکی زمانی سەریهەڵداوە، ئەگەرچی هەستەکان لە کۆنەوە (لە یۆنانەوە) لە دیدی فەلسەفە، پزیشکی، دەروونناسی، کۆمەڵایەتیو ...هتدەوە، باس لە ژمارەی هەستەکانو نادیاریی ژمارەکانو ئەندامەکانی هەستەکان کراوە، بەڵام وەک زانستێکی سەربەخۆ نوێیەو لە زمانی کوردییشدا بە دەگمەن باسکراوە. زاراوەی (زانستی زمانی هەستی) یەکەم جارە لە زمانی کوردیدا بەکارهاتووە. بۆ زانیاری لە سەر زانستی زمانی هەستی بڕوانە، (بۆدۆ، ٢٠١٩). ناساندنی ئەم زانستە گرنگەو دەرگایەکی نوێ لە بواری لێکۆڵینەوە بۆ توێژەران دەکاتەوە، تا وردەکاریی زیاتر لە ئەم بوارەدا لە ڕێگەی توێژینەوە دەربخەن.

تایبەتمەندییەکانی ئەزموونی هەستی خۆیان لە ڕێگەی زمانەوە دەبیننەوە، ناهاوسەنگیی تێگەیشتن (لە هەستەکان)، ناهاوسەنگیی زمانی لێکەتووەتەوە. ئاشکرایە پەیوەندییەکانی مرۆڤ کە دروستدەبێت، پەیوەندییە زمانییەکانیان دروستکردووە. (بۆدۆ، ٢٠١٩، ٥٩). زانستی زمانی هەستی بریتییە: لە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی پەیوەندیی زمان بە هەستەکانەوە. ئەو پرسیارانەی کە گرنگن،


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

وەک: چۆن هەستەکان لە وشەکاندا کۆدەکرێنەوە؟ کام تایبەتمەندیی بیرکردنەوە ئاسانترە بۆ قسەکردن لە بارەی ئەوانی تر؟ زمانەکان چۆن جیاوازن لە چۆنیەتیی تۆمارکردنی (کۆدکردنی) تێگەیشتنەکانیان بەرانبەر کەرەستەو شتەکان؟ وشەکان چۆن پەیوەندییان بە سیستەمی تێگەیشتن لە مێشکدا هەیە؟ (بۆدۆ، ٢٠١٩، ١). لە ئەم ڕێگەوەیە تۆماری هەستەکان لە ئاوەزو دواتر لە دەربڕاوەکانی زماندا دەردەکەون.

ئاوەز بە پێکهاتەو تایبەتمەندییەکانیەوە کاری خۆی دەکات، لە ڕێگەی هەستەکانیشەوە کە وەک وایەری کارەبایی وایە، بە دنیای دەرەوەوە پەیوەندیدەکات. لێرەوەیە زمانو هەستەکان پێکەوە، پەیوەستدەبن. شوێنی هەستەکان لە جەستەدا بڵاوبوونەتەوەو لە ڕێگەی دەرکەپەتکەوە، پەیوەندی بە ئاوەزەوە دەکەن. هەستە سەرەکییەکان پێنج هەستە، ئەم هەستانەیش لە سەرچاوە زانستییەکاندا، بە هەستی فۆلکلۆری ناسێنراوە، چونکە دەماودەم هاتوون، بەڵام زیاتر لە ئەم هەستانە هەن، وەک: (ئازار، ترس، ناخۆشیو ...هتد)، کە کاریگەرییان لە سەر دەروونو جەستەی مرۆڤ هەیە. کاتێك لە دیدی ترەوە، ئەم بیروڕایە بچووکدەکەینەوە کەمتر لە ئەو پێنج هەستەمان هەیە. ئەم دوو گریمانە، یان ڕوانینە هەردووکیان ڕاستییان تێدایە. (بۆدۆ، ٢٠١٩، ٢٤٧). وەک بینیمان دەکرێت هەندێک کات هەستەکان لە پێنج هەست زۆرتر بنو هەندێک کات لە ئەو پێنج هەستە لە ناو زماندا کەمتر بن. ئەم بابەتە ئاوکێشەو لەبەر سنووری توێژینەوەکە، زیاتر لە سەر ئەم بابەتە شیکردنەوە ناخەینەڕوو.

هەستەکان شوێنیان لە جەستەدا هەیە، چواریان لە دەرەوەی جەستە ئەندامی تایبەتیان هەیە، وەک: (بینین، بیستن، بۆنکردن، بەرکەوتن)، ئەوی تریان لە ناودەمدایەو لە ناوەوەیە و لە سەر زمانە کە (تامکردنە). خودی ئەندامەکانی جەستە بۆ چالاکیی هەستەکان بە ئاوەزو زمانەوە گرنگو کاریگەرن. ئێمەی مرۆڤ تەنیا ئاوەزێک نین کە لە هەوادا بیرو خەیاڵمان بسوڕێتەوە، بەڵکو بونەوەرێکینو خاوەنی جەستەیەکین، کە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە بە جیهانی دەوروبەرمانەوە گرێدراوین. دوور لە ئەو بۆچوونەی کە زۆر جار دەڵێن: زمان سیستەمێکی هێمایی لە خۆوەیە، بەڵام ئەگەر وردتر تەماشایبکەین، زمان بە قووڵی پڕە لە زانیارییە هەستییەکانو زانینی جیهانی هەستی ئێمە یارمەتیماندەدات لە ئەو جیهانە زمانەوانییە، کە تێیدا دەژین باشتر تێبگەین. لەگەڵ ئەوەیشدا، زمان پەنجەرەیەک بۆ هەستەکان دابیندەکات. بە بەکارهێنانی زمانەوانیی هەستی، دەتوانین ئەوە بزانین چنراوی ئاوەزمان دەوڵەمەندە بە: (شێوە، ڕەنگ، تام، بەرکەوتن، بۆنکردنو ...هتد)، لێرەوەیە جیهانی هەستی خۆمان بە بەرانبەرەکانمان دەگەیەنین، (بۆدۆ، ٢٠١٩، ٢٤٧).


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

زمان پەنجەرەیەکە بۆ ناو بیرکردنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانرێت وەک پەنجەرەیەک بۆ ناو مۆدێلی پێنج هەستە فۆلکلۆرییەکەی مرۆڤ تەماشابکرێت. چەپکە واتای وشەکانیش (چەمکەکان) تێگەیشتنی هەستەکان بۆ شتەکان دەپارێزنو دواتر لە دەربڕاوە زمانییەکاندا دەردەکەونەوە. (بۆدۆ، ٢٠١٩، ١٤). مرۆڤەکان لە جیهانێکی هەستکردندا دەژین. هەموو دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی، لە کشتوکاڵییەوە تا گەشتکردن بۆ بۆشایی ئاسمان، پەیوەستە بە ئەوەی کە بتوانین لە ڕێگەی پێنج هەستە فۆلکلۆرییەکەوە پەیوەندی بە جیهانەوە بکەین. هەموو ئەو کارانەی دەیکەین، هەموو هەستکردنێک، کە گوایە هەموو شتێك دەزانین، لە ڕێگەی هەستەکانەوە پەیوەست بە ئاوەزەوە دەکرێنەوە. لەبەرئەوەیە هەستەکان زۆر گرنگن بۆ ئێمە، جێی سەرسوڕمان نییە کە هەموو زمانەکان سەرچاوەیان بۆ قسەکردن لە بارەی ناوەڕۆکی هەستی تێگەیشتن هەیە، (میلەرو جۆنسن لاید (ئەوەمان بیردەخەنەوە، کە (پەیوەندییەکانی وشە بنچینەیین بۆ تێگەیشتن). (ڕاکۆڤا) دەڵێت: "ئێمە وشەمان نییە "تەنها لەبەرئەوەی خۆشە بۆ ئێمە ئەوانمان هەبێت"، بەڵکو لەبەرئەوەیە ئەوان ئامێرێکن کە ئێمە بە جیهانی دەرەوەوە دەبەستنەوە. بەبێ توانای دەربڕینو ناوەڕۆکی تێگەیشتن، زمانەکان بێسوددەبن، (بۆدۆ، ٢٠١٩، ١). وەک شیکرایەوە، هەستەکان ڕۆڵیان هەیە، لە تێگەیشتنەکانی مرۆڤەکانو هەستەکانیش لە هزری وشەکاندا دەردەکەون، ئەم هەستانە کاتێك بمانەوێت لە زماندا دەربخەین، ئەو کات پەیوەندیی هەستو زمان زیاتر لێیتێدەگەین. چەند نموونەیەک وەردەگرین.

## 4.2.نموونەی کارەکییانەی هەستییانەو کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی

کێڵگەی واتایی هەستی بە وشە دەنوێنرێت. زیاتر لە هەستێك لە وشەکاندا دەردەکەوێتو وشەیەکی تایبەتییشی دەوێت تا هەستەکە بنوێنێتو کۆکردنەوەی هەستەکان لە وشەکاندا کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی دروستدەکات. کێڵگەی هەستیو هەستیاری دەتوانێت سەبەتەی کێڵگەی وشەیی دەوڵەمەندتربکات، هەر وەک چۆن کێڵگەی وشەیی، (بۆ زانیاری لە سەر کێڵگەی واتایی وشە بڕوانە: (محەمەد، ٢٠١٤، ٦))، لە زانستی زماندا ئاسۆی زمانی بەرفراوانترکرد. کەرەستەکان لە زماندا ناودەنرێن سادە نینو چەند هەستو هەستەوەرێك بۆ ناونان تێیاندا بەشداربووە، دوبارە دیارکردنی هەستەکان لە وشەکانەوە کێڵگەی هەستیی وشەکانمان بۆ دیاریدەکاتەوە. لە پێشتردا کاتێك کۆمەڵێک وشە پێکەوە یەک کێڵگەی وشەیان هەبوویێت، ئێستا هەر وشەیەک بە تەنها دەتوانێت کێڵگەیەکی واتایی هەستی وشەیی سەربەخۆییو هاوبەشی لە کێڵگەی هەستیی وشەکانی تردا هەبێت. ئەوەی لە هەردووکیاندا هاوبەشە، هەردوو کێڵگەکە بە وشە دەنوێنرێنو جیاوازیی سەرەکییان ئەوەیە کێڵگەی هەستیی وشەییو کۆی تایبەتمەندیی وشەکە دەردەخەن، بەڵام کێڵگەی واتایی وشەیی تایبەتمەندیی کێڵگەی وشەکە دەردەخەن. چەند نموونەیەک وەردەگرین.


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

1 /أ. بەڕوو: ئەم وشەیە، داری بەڕوو، بەرهەمی بەڕوویش دەگرێتەوە. لێرەدا بەرهەمەکەمان زیاتر مەبەستە. ئەم وشەیە، کۆمەڵێک هەست تێیدا بەشدارە، هەر هەستێکیش جۆرێک لە وشەی جیاوازی بۆ دانراوە. لێرەوە کە ئاوەز شوێنی داکردنی وشەکانە پەیوەستدەبێتەوە بە هەستەکانەوە. تەماشای ئەم خشتەیەی خوارەوە بکەین.

| بەڕوو: | وشەکان | واتاکان |
|---|---|---|
| بیستن | داربەڕوو | زۆریی تەمەن بیردەهێنێتەوە. |
| بینین | سەوز | قەبارەی بچووکە، تەشیلەیی |
| تامکردن | تامی تاڵ، یان | شیرین |
| بۆنکردن | بۆنی تایبەتی | بۆنەکەی زۆر بڵاو نییە. |
| پێست (بەرکەوتن) | ساف+زبری | |

((خشتەی ژمارە (1) ناوی مادیی وەک: بەڕوو))

یەکەم: کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی: (بەڕوو): داربەڕوو، زۆریی تەمەن، سەوزی، قەبارە، بچووکە، تەشیلەیی، شیرین، ساف و زبریو هتد...

وەک لە خشتەکەدا دیارە، هەر وشەیەک هێشووە وشەک لەخۆدەگرێتو خاوەنی شێوەو واتای سەربەخۆی خۆیەتی، هەر وشەک یەک کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی هەیە. یەک وشەی وەک بەڕوو، چوار هەست تێیدا بەشدارە، هەر هەستێك لە ئەو وشەدا وشەیەک واتایەکی لە ئاوەزدا گەشکردووەتەوەو لە هزری (ناوەڕۆکی) وشەکەیشدا بوونی هەیە، یان وشەیەک چەندین هەست لە ئاوەزدا چالاکدەکاتەوە. هەستی (بۆنکردن) لە وشەکەدا زۆر چالاک نییە، هەستەکان دەکرێت (+ -)و ئەگەری ببنو وەک سپێر هەڵگیرابنو بۆ کاتی پێویست بەکاربهێنرێنەوە، بۆ نموونە هەستی بۆنکردن لە وشەی (بەڕوو)دا لە خشتەکەدا نییە، بەڕووەکە ببرژێنیت، ئەو کات برژاندنو سوتانەکەی بۆنی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر پێنج هەستەکە تێیدا بەشدارەو دەکرێت هەستی خۆشیو ترس لە کاتی خواردنو تەقینەوەی بەڕووەکەدا دروستببێت. هەستەکان مەرج نییە وەک خۆیان لە وشەکاندا بمێننەوە، بۆ نموونە کاتێک وشەیەکی سادە وەک بناغە وشەیەکی داڕێژراوی لێدروستدەکرێت، یان بەشدارە لە وشەی لێکدراودا، یان لە پەندو ئیدیۆمو دەقدا بەکاردەهێنرێت، هەستەکانیش لە وشەکاندا دەگۆڕێن. بۆ نموونە وشەی (بەڕوو) لە کاتی بەکارهێنانی بۆ مرۆڤو ئاژەڵ واتاو شێوەی تری زۆرە.

1/ب. بەڕووو+لە: بەڕوولە:

| | | |
|---|---|---|
| بەڕوولە | وشەکان | واتاکان |
| بیستن | ناسکی | |
| بینین | بچووکی | سەوزی |
| تامکردن | شیرینی تاڵی/(+ -) بەتامی | |
| بۆنکردن | بۆنی تایبەت | |
| پێست (بەرکەوتن) | ساف+زبری | |

((خشتەی ژمارە (2) بەڕوولە، وشەی داڕێژراو))

دووەم: کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی: (بەڕوولە): ناسکی، بچووکیو سەوزی، شیرینی، تاڵی، بەتامیو بێتامی، بۆنی تایبەت، سافـو زبریو ...هتد واتای تری هەیە، بەڵام لەبەر سنووری توێژینەوەکە ناینوسین.

وشەی بەڕوو، واتە (بە + ڕوو) واتە چوار وەرزە گەڵا ناوەڕێنێتو ڕەنگی جوانو سەوزەو بەرواڵەتە هەمیشە، لەبەرئەوە کوردیش وشەی (بەڕوولە)ی لێدروستکردووەو لە بازاڕدا پەسنی میوەکانی پێدەکات (ڕیکلامییپێدەکات)، بۆئەوەی بیفرۆشێت، واتە هەستەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن بۆ بەبازاڕکردنو پڕوپاگەندەی کاڵاکانو ڕیکلامکردن، کە دەورێکی زۆری هەیە، دەتوانرێت لە ئەم ڕووەوە کاری زیاتری لە سەر بکرێت، ئەمە بۆ وشە مادییەکان بە ئەم شێوەیەیە.

وەک لە هەردوو خشتەکەدا خرایەڕوو، وشەی (بەڕوو، بەڕوولە)، هەستەکانو واتای هەستەکان تێیدا گۆڕاوە، خشەکانیش دەتوانرێت فراوانتربکرێت.

1/پ. پەندی پێشینان: بەڕووی دەمی بزن نییە، ئامادە بێت.

ئەم پەندە ڕوداوێکی لە پشتەوەیە. دەگێڕنەوە دەماودەم، کابرایەک ئەوەی بیستووە، کە بەڕوو چاکەو زۆرەو هەرزانیشە، بۆ خواردنی بزن شیاوەو زوو قەڵەویدەکات. بزنێک دەکڕێتو بەڕووی پێدەداتو زوو زوو دەست لە پشتی دەدات، بزانێت قەڵەویدەکات. دیارە ئاوا بە خێرایی قەڵەونابێت، لێرەوە ئەم پەندە بۆ ئەو کارانە بەکاردێت، کە بتەوێت دەستوبرد بێتو زوو ئامادەببێت.

بەڕوو: وشەکان واتاکان

بیستن خواردن بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، توانجگرتن، داواکاریی نابەجێکردن...

بینین خێرایی ئەنجامی کار لە ئامادەکردنی کارێکدا

تامکردن تاڵە بەتامە بۆ ئاژەڵ

بۆنکردن بۆنی تایبەت

پێست (بەرکەوتن) لێکردنەوە دەستوبرد ...هتد

((خشتەی ژمارە (3) بەڕوو لە پەندی پێشیناندا)

سێیەم: کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی: (بەڕوو) لە پەندی پێشیناندا: خواردن بۆ ئاژەڵ، خێرایی ئەنجامی کار، توانج، داواکاریی نابەجێ، تاڵی، بۆنی تایبەتو لێکردنەوە، دەستوبردو ...هتد.

وەک لە پەندەکەدا دەبینین، لە ڕێگەی هەستەکانەوە پەینابەین بە واتای وشەی (بەڕوو) کە لە پەندەکەدا هەیە، بەڵکو لە ڕێگەی ئاوەزو هزرەوەو لە ناوەوە پەی بە واتای وشەکە دەبەین، کەواتە ئەوە بە شێوەیەکی کارەکییانە پشتراستکرایەوە، دوو جۆر تێگەیشتنمان هەیە، یەکەمیان: لە دەرەوە بۆ ناوەوەیە. دووەمیان: لە ناوەوە بۆ دەرەوەیە، لە ڕێگەی بەچەمکبوونی وشەکانەوە. هەردوو جۆرەکەیش تەواوکەری تێگەیشتنەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن، لە شیکردنەوەی نموونەکانەوە بە ئەوە گەیشتین، کاتێک بە تەواوی لە هەستەکان تێگەیشتین، توانای زیاتر بە ئاوەزی مرۆڤ دەدرێت، تا باشتر لە وشەکانو دەوروبەری تێبگات. کەواتە زانستی زمانی هەستی لە بەرئەنجامی زانستەکانی ترەوە دروستبووە، لە چەند گۆشەنیگایەکەوە تێگەیشتنی بۆ دەربڕاوەکانی زمان هەیە.

وەک شیکرایەوە، ئەم وشەیە (بەڕوو)، بۆ فێربوونی زمانی کوردی بۆ بیانییەکان کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی بکرێتە نموونەی فێرکردن دەتوانرێت لە چەند بواردا سوودیلێوەربگیرێت، چونکە ئەمە ئاسانترەو لە ڕێگەی یەک وشەوە زیاتر لە (١٠) وشە دەتوانرێت فێری فێرخواز بکرێت.

لە بواری بەرنامەی پەروەردەییدا، ئەم بنەمایە دابنرێت، دەتوانرێت سوود لە کێڵگەی هەستی وشەیی بۆ فێربوونی منداڵان وەربگیرێت، هەر لە ڕێگەی یەک وشەوە هێشووە وشەکانی تریش

فێربکرێت، کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە لە ناوەڕۆکی وشەکاندا هەیە، کەواتە دەتوانین سوودی زۆر بۆ ئەو بوارانە، لە ئەم توێژینەوە وەربگیرێت.

2.بەرد

| بەرد: | وشەکان | واتاکان |
| --- | --- | --- |
| بیستن | ڕەقی | توندوتۆڵی، بەرگریکردن... |
| بینین | پارێزگاری | شێوەی جیاواز جیاوز |
| تامکردن | خۆڵ | هەندێک جار نییەتی |
| بۆنکردن | بۆنی تایبەت | بەڵام بیهاڕێت، بۆنی سوتاندنی دێت. |
| پێست (بەرکەوتن) | زبر | ساف، نارێکی لە قەبارەو شێوەداو...هتد. |

((خشتەی ژمارە (4) ناوی مادی، وەک: بەرد))

چوارەم: کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی: (بەرد): کەرەستەی سروشتی، ڕەقی، توندوتۆڵی، بەرگریکردن، پارێزگاری، شێوەی جیاواز جیاواز، تامی خۆڵ، بۆنی تایبەت، زبر، ساف، نارێك لە شێوە و قەبارەدا. دەتوانیت بەردیش لە وشەی دارێژراوو لیکدراو و پەندی پێشیناندا نموونەی بۆ بهێنرێتەوە، بەڵام لەبەر سنووری توێژینەوەکە لێرەدا دەوەستین.

3. خودای گەورە (نامادی): خودای گەورە خۆی ناوی بۆ خۆی داناوە، جوانترین ناوەکانیش ناوی ئەون تا بە ئەو ناوەوە بانگیلێبکەینو لێیبپاڕێینەوە، نەوەدونۆ ناوی هەیە، ناوی مەزنی خودای گەورە (ئەڵلایە)، هەموو ناوەکان/ئاوەڵناوەکان لە ئەم ناوەدا کۆکرانەتەوە (عەبدوڕەحمان، ٢٠١٧، ٩٠)، کە ئەم ناوانە/ئاوەڵناوانە، بۆ مرۆڤ هەندێکی دەستدەدات، بەڵام مرۆڤ ئەم ناوانە وەک خودای گەورە، لە یەک کاتدا وەرناگرێت. ناوەکانی خودای گەورە، پردی پەیوەندیی هەستو هەستەوەرەکانی ئێمەن بە خودای گەورەوە، واتە لە ڕێگەی ناوەکانەوە دەتوانین خودای گەورە باشتر بناسین، بۆ نموونە خودای گەورە: بیسەرە، بینەرە، ڕۆشنایە، ڕۆشنکەرەوەیەو ...هتد. لە ڕێگەی ئەم ناوانەوە پەیوەندی بە خودای گەورەوە دەکەین، ناوەکانیش توانامانپێدەدەن هەستەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکاربهێنین.

| خودای گەورە | وشەکان | واتاکان |
| --- | --- | --- |
| بیستن | خودای گەورە | نادیاری، بەدەسەڵات، بەدیهێنەری هەموو شتەکان، بێدەنگە... |


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

بینین بینەرە ڕۆشنکەرەوە، ڕۆشنایی، بەرچاوڕوونی دەدات...

تامکردن تامەنپێدەدات هەستی تامکردن دەبەخشێت...

بۆنکردن بۆنمان پێدەبەخشێت دەتوانین بۆنی شت بکەین...

پێست (بەرکەوتن) هەستکردن دەستلێنەدراوە، کرداری زۆرو بینراوەو...هتد.

((خشتەی ژمارە (4) ناوی نامادی))

پێنجەم: کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی: (خودای گەورە): نادیاری، بەدەسەڵات، بەدیهێنەری هەموو شتەکان، بێدەنگە، بێوێنەیە، بێقەبارەیە، تامەنپێدەدات، دەستلێنەدراوە، کردارەکانی زۆرو بینراونو...هتد، خودای گەورە پێش ئەوەی زمان لای مرۆڤ چالاکبکات، وێنەو واتای بە تەواوی نەبووە، بەڵام کاتێك هاتووەتەناو زمانەوە، وێنەی نوسینو شێوەکەیشی (بۆ نموونە وشەی خودای گەورە) واتای هەبووە. لێرەوەیە هاتووەتەناو ئاوەزەوە، کەواتە زمان وێنەی وشەییو ڕێنوسیو واتا بە شتە نەبینرەوەکانیش دەدات، وادەکات تێگەیشتن بەرانبەر ئەو نەبینراوانەیش بۆ مرۆڤایەتی دروستببێت. ئەگەر زمانو ناونان نەبێت، ناتوانرێت خودای گەورە بە پێی پێویست بناسرێت.

4: فریشتە:

فریشتە: وشەکان واتاکان

بیستن جوانی سپیوبێلەکە، گۆڕاوە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر...

بینین ناسکی تەنکی

تامکردن بێخواردن بێتام، هەمیشە دەم بە یادی خودای گەورە، چێژو تامی دەروونی لێوەردەگرێت.

بۆنکردن بێبۆنە

پێست (بەرکەوتن) دەستی لێنادرێت

((خشتەی ژمارە (6) ناوی نامادی، فریشتە))

شەشەم: کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی: (فریشتە): جوانی، سپیی بێلەکە، گۆڕان لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەکی تر، ناسکی، بینینی زۆر، بێخواردن، بێتامە، هەمیشە دەم بە یادی خودای گەورە.

## 5.2. پوختەی تێگەیشتنی ئاوەزییانە لە هەستەکانو کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی

کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی بۆ یەکەم جارە لە بواری زمانەوانیدا بەکارهێنراوە، لە سەر بنەمای زاراوەی کێڵگەی واتایی وشەییو واتاسازیی چوارچێوەیی دروستکراوە. کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی بە وشە دەنوێنرێتو گەنجینەی زمانیش دەوڵەمەندتردەکات. لە سەرچاوەکاندا هاتووە، کێڵگەی واتایی وشەی کۆمەڵێک وشە دەگرێتەوە، کە لە ژێر هەمان چەمکی هاوبەشدا کۆبوونەتەوە ((DD Clarke :(2000:145). وەک کێڵگەی واتایی وەرزەکانی ساڵ: (بەهار، هاوین، پایز، زستان)، بەڵام کێڵگەی واتایی هەستی جیاوزە، یەک وشەیەو هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە ناونانی هەستی وشەکەدا بەشدارییانکردووە، ئەمەیش تێگەیشتنێکی جیاواز لە دنیای زمانەوانیدا بۆ زمان دەکاتەوە. وەک شیکرایەوە لە سەرەوە، هەر وشەیەک زیاتر لە هەستێکی تێدایەو بۆ هەر هەستێك کە ئێمە لێیتێدەگەینو هەستیپێدەکەین، وشەیەکمان بەرانبەری داناوە. واتە هەموو وشەیەک لە هەستێك زیاتری تێدایە، بەڵام کام هەستەیان زاڵە، ئەوەیان لە ئاوەزدا گەشدەبێتەوەو بووە بە کرۆکەواتاو ئەوانی تریش کە دووەمو سێیەم واتان، توێکڵەواتانو بۆ هەریەکەیان وشەیەک دانراوە. پەیوەندیی نێوان هەستو واتای وشە تێکچرژاوەو بەیەکداچووە، لە ڕێگەی هەستەکانەوە وشەکان بۆ دوو جۆر دیاریکراون، مادیو نامادی، وەک لە نموونەکاندا خراونەتەڕوو، وشە مادییەکان بەردەستنو زۆربەی هەستەکان تێیدا بەشدارن، بەڵام وشە نامادییەکانو پەندەکان هەستەکان بە کەمی تێیدا بەشدارەو بە شێوەی ئەزموونی باشتر لێیانتێدەگەین. کەواتە هەستەکان وادەکەن وشەیەک مادی بێتو وشەیەک بە نامادی (ئەبستراکت) لە ناو زماندا ناوببرێت، تێگەیشتنیش لە ڕێگەی هەستەکانەوە، لە دەرەوە بۆ ناوەوە لە ڕێگەی ئەزموونکردنی هەستەکانەوە تێدەگەین. ڕێگەی دووەمی تێگەیشتنیش کە تێیدا کەرەستەکانی زمان بە چەمکەوە دەردەبڕین، کورتو پوختن، کولتوور، ئەزموون، ئاینو ...هتد تێیدا تواونەتەوە وەک: (پەند، ئیدیۆم، میتافۆڕ، شیعرو ...هتد) لە ئاوەزەوەو لە ناوەوە بۆ دەرەوە لیانتێدەگەین.

## ئەنجامەکان:

1. پەیپێبردن، هەستێکە تا ئەوەی زانست بێت، دواتر بە تاقیکردنەوەی زانستی وەک زانست دەسەلمێت، یان ڕەتدەکرێتەوە.
2. کێڵگەی واتایی هەستی وشەیی، سەبەتەی وشەی زمانی کوردی دەوڵەمەنددەکات، هەستەکان لە وشە مادییەکاندا بە بەراورد بە وشە نامادییەکان زۆرترن، هەر وشەیەک زیاتر لە هەستێك لە هەستەکان بۆ ناونانی بەشدارن، یەکەم جارە لە زمانی کوردیدا وەک زانستی زمان باسبکرێت.
3. هەر وشەیەک، خاوەنی کێڵگەی هەستیی تایبەتی خویەتیو لەگەڵ کێڵگەکانی تردا هاوبەشیو جیاوازی هەیە. پاشگرەکان واتای هەستی بۆ سەر وشەکان زیاددەکەن.
4. ناونان لە ڕێگەی هەستەکانەوە، کاریگەری لە سەر کەسەکانو کۆمەڵگەیش هەیە، بە دیوی نەرینیو ئەرێنیدا، بە پێی دۆخەکانیش ناوی ئەرێنیو نەرێنی لە منداڵەکان لە زمانی کوردیدا نراوە.
5. کێڵگەی هەستی بەسوودە بۆ دانانی پرۆگرامی پەروەردە، فێربوونی زمانی بیانیو چۆنیەتیی پڕوپاگەندەکردن (ڕیکلامکردن) لە ڕێگەی هەستەکانەوە، دەتوانرێت سوودیلێوەربگیرێت.
6. بە گۆڕانی شێوەی وشەو بەکارهێنانی وشەکان لە زماندا (لە سادە بۆ داڕێژراو ...هتد) هەستەکانو واتاکانیان، لە وشەکاندا زیادوکەمدەکەنو دەگۆڕێن.

**سەرچاوەکان**

ا. کتێب:

باپیر، دلاوەر شکور، (2021). شیکردنەوەی تۆڕی واتای، چاپخانە، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، سۆران.

عەبدوڵڵا، بایەزید حەسەن، (2022). زمانی ئاخاوتنی زیندەوەران، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم – سلێمانی.

عەبدوڕەحمان، هیوا، (2017). قەڵای منداڵی موسڵمان، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ناوەندی ئەدیبان، سلێمانی.

کەریم، ڕزگار، (٢٠٠٦) فەرهەنگی دەریا (کوردی – عەرەبی)، چاپخانەی یەکەم، چاپخانەی ئیحسان، تاران.

**ب. نامەی ئەکادیمیی بڵاونەکراوە:**

ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم، (2019). نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگیی ئاوەزیدا، تێزی دکتورا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

سرحد، باخان عبد الرحمن، (2024). پەیبردنی ئاخاوتنیو دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

نەبی، ڕێبوار حەمە (2015). پەیبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سۆران، هەولێر.

حەسەن، تابان محەمەد، (2014). کێڵگەی واتایی لە ڕکێفەمەودای کۆمەڵەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

سەعید، سازان زاهیر (2013). پێزی مۆرفیمە دارێژەکانی بچووکردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

عەزیز، ڕێژنە ئیسماعیل، (2008). ناونانو هەست لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

پ. سەرچاوە بە زمانی فارسی

همایون، هما دخت (1372) واژەنامەزبانشناسیوعلوم وابسته، چاپ: دوم، موسسه مطالعاتأو تحقیقات فرهنگی، تهران.

ت. سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

على، اسماعيل محمد، (2022). ابعاد التداولية المعريفية في الخطاب الشعري، شهادة الماجستير في اللغة العربيةو ادبها اللغة، في الجامعة السليمانية، السليمانية.

برنهات، ابراهيم عبدالله، (1984). علم النفس فى الحياة العملية، للطبعة الرابعة، بغداد.

مەعلوف، لوئيس، (1431). المنجيد فى اللغه، ط6، بيشرو، انتشارات ذوي القربي، تهران.

**ج. سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

Brigitte Nerlich, David D. Clarke, (2000), Semantic fields and frames: Historical explorations of the interface between language, action, and cognition, Journal of Pragmatics: 32 (125-150) .

Faraj, S. J. H., & Karim, A. A. (2020). Linguistic Errors in second language learning through Error Analysis theory هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی : دووەمدا (لە ڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵەییەوە). Journal of the College of Languages (JCL), (41), 199-223.

Bodo Winter, (2019) Sensory linguistics: Language, perception and metaphor, Amsterdam: John Benjamins, pp. xiv + 289. ISBN 9789027203106.

Lakoff, George:(1987) Women, Fire, and Dangerous Things, The University of Chicago Press: Chicago and London.

Petter Bogen Sydhagen (2017) How Can We Distinguish Perception from Cognition, Department of Philosophy, Classics, History of Art and Ideas, University of Oslo.

VYVYAN EVANS (2007): A Glossary of Cognitive Linguistics, Edinburgh University Press.

Sierra, Sylvia, (2023) Contextualization cues for media references in everyday conversation, Language & Communication, Volume 88, January 2023, Pages 99-110, 0271-5309/ 2022 Elsevier Ltd. All rights reserved.

MAROOF, A. M., & SAEED, S. Z. (2018). Morphosyntactical Representation in Kurdish Language. International Journal of Kurdish Studies, 4(1)

Pary Omar Ali, Srwa Tahhir Ali Mohammed, Bestoon Abubakr Ali, & Hemn Karim M. Salih. (2023). Beloved in Mahwee's Poems. QALAAI ZANIST JOURNAL, 8(1), 37–61. https://doi.org/10.25212/lfu.qzj.8.1.2

WILLIAM Croft and D. ALAN CRUSE - Cognitive Linguistic, (2004) Cambridge University Press google schola.

WILLIAM Croft and D. ALAN CRUSE - Cognitive Linguistic, (2004) Cambridge University Press google schola .

### د. گۆڤاری زانستی:

حسێن، محەمەد ئەحمەد، (2024). کۆزمانەوانی کارلێکی وەک میتۆدێکی شیکردنەوەی گفتوگۆ، گ. زانستەمرۆییەکانی کەرکوک، بەرگی یەکەم (19)، ژمارەی دووەم، کەرکوک.

ساڵەح، ئاوات ئەحمەد محمەد، (2024). پراگماتیکو ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی لە زماندا، گ. زانستەمرۆییەکانی کەرکوک، بەرگی یەکەم (19)، ژمارەی دووەم، کەرکوک.

عومەر، حسن عومەر، (2024). وێنەی هەستیو ڕەوانبێژی لە دەقەکانی (ناری)دا، گ. زانستەمرۆییەکانی کەرکوک، بەرگی یەکەم (19)، ژمارەی دووەم، کەرکوک.

ح. چاوپێکەوتنی تایبەت:

عەبدوڵڵا عەبدولعزیز نێرگسەجاڕی، (بیرمەندو م. ئاینی)، ئەقڵو ئایین، 2024/9/10، سلێمانی.

دیاری قەرداغی، پسپۆڕی نەشتەرگەریی گشتی، هەستو ئاوەز، سلێمانی2025/1/4).

سەرکەوت جەمال محەمەد (1992)، کاریگەریی هەستەکان لە ناونادا، 2024/12/7، سلێمانی.

ماندوو سیروان (1990) کاریگەریی هەستەکان لە ناونادا، 2024/12/5، سلێمانی.

**ج. ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:**

Sensory Processing: https://openschool.bc.ca/inclusionoutreach/c2/m5/c2m5-4.html Accessed: December 2024.

within this period will result in the automatic cancellation of the research manuscript.

13. Citation and Referencing:

A. The research must follow the American Psychological Association (APA) referencing style (7th edition), ensuring accuracy in citations and proper formatting of the reference list.

B. In-text citations should follow the format: (Author’s last name, Year), e.g., (Al-Azzawi, 2008) or (Al-Azzawi, 2008: 214).

C. References to Islamic historical sources and Quranic citations should be numbered sequentially within parentheses (1), (2), (3), and so on.

D. The final section of the research should contain a complete list of sources and references, arranged alphabetically.

14. Researchers must cite at least two previously published studies from the University of Kirkuk Journal of Humanities Studies.

15. A plagiarism check must be conducted by the university’s plagiarism detection center.

16. The researcher must pay a publication fee of 100,000 Iraqi dinars. If the research exceeds 25 pages, an additional fee of 5,000 dinars per page will be charged.

17. The editorial board conducts an initial review of the research before sending it to expert reviewers in the field. The journal is committed to informing the researcher of the final decision regarding publication. The researcher must comply with any revisions requested by the reviewers for the research to be approved for publication.

18. All research submissions and correspondence related to the journal should be sent via the journal’s official website.

**Publication Rules and Guidelines for the University of Kirkuk Journal of Humanities Studies**

1. The electronic version of the research must be submitted via the website( /illuk:///mrik.m./tj/m/.:sm.th) in Microsoft Word format, either as a .doc or .docx file.
2. The research should be typed using a computer with single-spacing between lines and should be between 8,000 to 10,000 words, with a maximum of 25 pages. The text should be formatted in Simplified Arabic font, size 14, on A4 paper for Arabic-language research. For research written in English or Turkish, it should be in Times New Roman font, size 14, on A4 paper. For Kurdish-language research, the Kurdfonts font should be used.
3. A brief academic biography of the researcher(s) must be submitted separately along with the research.
4. The full names of the researchers should be written in both Arabic and English, along with their current academic positions.
5. The author must provide a declaration confirming that the research has not been previously published and is not under consideration for publication in another journal.
6. Headings and subheadings should be used within the research to structure and divide its sections based on their importance.
7. A summary in both Arabic and English, not exceeding 250 words, must be included with the research.
8. Keywords should be written immediately after the abstract.
9. Tables and figures should be incorporated within the research text, numbered in order of appearance, and appropriately labeled.
10. Research extracted from a thesis or dissertation (Master’s or Ph.D.) may be published, provided that the original thesis has not been previously published or officially approved for publication. This should be explicitly stated in the research, within the references, and in the declaration.
11. The researcher must bear the financial costs associated with the evaluation process if they choose to withdraw the research and discontinue the publication process.
12. The researcher is granted a maximum period of three months to make necessary modifications to the research if requested. Failure to comply

| | | | |
|---|---|---|---|
| | And “I Loved Living” Poems | | |


**Faculty of Arts Research**

| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Economic Advancements In The Kingdom Of Saudi Arabia Under The Reign Of King Fahd Bin Abdul-Aziz From (1982 To 2005) | Assist. Lect. Yaseen Rasheed Faqi | 714-741 |
| 2 | Al-Kamal Ibn Al-Hammam’s vision of the purpose of social solidarity in his book Fath Al-Qadeer - Chapter on Zakat – Jurisprudential study | Assist. Prof. Dr . Salih Yaseen Abdul Rahman | 742-759 |
| 3 | A World Without a King: Political Anarchy and the Fragmentation of Mid-World in Stephen King’s The Dark Tower Series | Assist. Lect. Taib Abdulrahman Abdullah<br><br>Prof. Dr. Zanyar Faiq Saeed | 760-785 |
| 4 | Using Needham's model in teaching equations and its effect on achievement and developing mindful learning skills among third-grade middle school students in mathematics | Assist. Lect. Hussein Sameer Maaroof koprulu | 786-811 |
| 5 | Analysis of the distributional and point characteristics of the wood and aluminum industry in Kirkuk city with future expectations | Salwa Ali Fadel<br>Assist. Prof. Dr. Mahia Mohsen Hassan | 812-832 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | A Study of Ambiguity in Hemingway's "My "Old Man | Assist. Lect. Ahmed Hamad Kareem Hameed | 518-537 |
| 2 | Investigating the Translation of Selected Qur'anic Zeugmatic Expressions | Assist. Lect. Alaa Mjren Oleiwi<br>Dr. Hussein Khalaf Najm | 538-553 |

**Kurdish Language Research**

| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effectiveness Of Conceptual Blending In The Semantic Interpretation Of Kurdish Idioms | Kazhal Jihabakhsh Mohammed<br>Salam Raheem Rasheed<br>Dara Hamid Mohammed | 554-577 |
| 2 | Imagery In Azad Subhi's Poetry | Dr. Hazhar Faqe Sleman Hussein | 578-604 |
| 3 | Perception to the Senses in the Kurdish Language<br>the Sense five Semantic Fields of the Word as a Mode | Assist. Prof. Dr.<br>Bestoon Abubaker Ali<br>Assist. Prof. Dr.<br>Jwana Ahmad Hamahusen | 605-632 |
| 4 | Women's Problems In The Novel "The Curse Of Nawbahran" By Bakhtiar Ali | Dr. Ashti Hussein Arif | 633-650 |
| 5 | The Emergence Of Teaching Kurdish Alphabet And The Role Of Ibrahim Ameen Baldar In Its Development | Dr. Shadman Salar Nariman Agha | 651-671 |

**Turkish Language Research**

| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Iraq - An Evaluation Of Place Names In The Erbil Region From The Perspective Of Folklore | Dr. Naznaz Bahjat Tawfeq | 672- 693 |
| 2 | Analysis Of Kemal Beyatlı's "Cemal" | Assist. Prof. Dr. Goran Salahaddin Shokor | 693-713 |

**History Research**


| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Media Role Of Women In Kirkuk 1951-1979, A Historical Study | Shaima Hassan Rashid<br>Prof. Dr. Dilshad Oumar Abdul Aziz | 242-265 |
| 2 | The Political Debate Between The Arab Elements And Abu Muslim Al-Khorasani | Assist. Prof. Dr. Ali Hussein Ali | 266-308 |
| 3 | Reverberation Of The Political Developments In Iraqi Kurdistan In The Iranian Ettela’at Newspaper (1970-(1975 | Assist. Prof. Dr. Fakher Hassan Yousef | 307-339 |
| 4 | The Position Of The Iraqi Communist Party On The Kurdish Issue 1934-1963 A Historical And Political Study | Dr. Salar Abdul Karim Fandi | 340-378 |
| 5 | The Development Of The Labour Movement In Britain 1800-1852 | Prof. Dr. Ahmed Abood Abdullah | 379-398 |
| 6 | Saladin Puts An End To The Political, Social And Economic Chaos In Egypt, The Levant And Iraq By Unifying The Islamic Front And Liberating Jerusalem | Osman Yassin Hilal<br>Assist. Prof. Dr. Ali Sultan Abbas | 399-439 |
| 7 | Scholars Of The Qur’an Who Came To Medina Through The Book “Siyar A’lam Al-Nubala” By Al-Dhahabi ((D. 748 AH - 1347 AD | Shihab Ahmed Ghafel<br>Assist. Prof. Dr. Omid Asaad Omar | 437-489 |
| 8 | The Political Crises Of The Abbasid Caliphate And Their Treatment During The First Abbasid Era (132-247 (AH / 749-861 AD | Hind Muhammad Saleh Youssef<br>Prof. Dr. Juma Abdullah Yassin | 490-517 |


**English Language Research**

| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|

## Index of Published Research

## Educational and Psychological Sciences Research


| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Impact Of Several Media Commentary Strategies On Developing The Arabic Language With Material That Reflects The Commentary And Developing Their Abstract Thinking | Assist. Lect. Aya Hassan Hadi Al-Bayati<br>Assist. Lect. Hisham Abdel-Rumaid Al-Mafraji | 1-40 |


## Geographic Research


| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Morphometric Characteristics Of Wadi Al-Ruman Basin In The Western Plateau Of Najaf Governorate Using GIS | Dr. Hamzia Miri Kazim | 41-68 |
| 2 | Overlap and Temporal Integration in Geographical Studies | Assist. Lect. Asmaa Hamad Sultan<br>Prof. Dr. Kamal Abdullah Hasan | 69 - 96 |


## Qur’anic Sciences Research


| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Conflict Between The Mursal Hadith And The Musnad Hadith, The Ruling And The Effects: A Hadith Study | Dr. Ahmed Kareem Yousef | 97-132 |
| 2 | The Imam’s Jurisprudential Colleges Are An Easy Read Within The Limits | Samira Abdullah Mahmoud<br>Assist. Dr. Dilshad Jalal Muhammad | 133-174 |
| 3 | Marra Al-Hamdani And His Interpretive Views | Assist. Prof. Dr. Mahmoud Nasser Zorao | 175-197 |
| 4 | Guaranteeing The One Who Caused It In Islamic Jurisprudence | Assist. Prof. Dr. Bakr Abbas Ali | 198-214 |
| 5 | The Shining Light On The Issue Of Analogy With The Difference And Some Of Its Jurisprudential Applications | Assist. Dr. Jassim Mohammed Abdullah Ahmed Al-Mashhadani | 215-241 |

Kirkuk University Journal for Humanities Studies

March 2025, Volume 20, Issue 1, Part 1

Issued by the College of Education for Human Sciences, Kirkuk University

# Kirkuk University Journal for Humanities Studies

March 2025, Volume 20, Issue 1, Part 1
A peer-reviewed quarterly journal from the College of Education for Humanities, University of Kirkuk

A quarterly magazine issued by the College of Education for Human Sciences Kirkuk University

issn 1992 - 1179

Postal address
Iraq/ Kirkuk/ Kirkuk University
P.O. Box: 2281 and Zip Code: 52001